# دەروازەیەک بۆ پەیوەندییە گشتییەکان

## وانەی چوارەم
## گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان

# گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان



# گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ کۆمپانیاکان



# گرنگی پەیوەندییە گشتییەکان لەوەدا دەردەکەوێت کە

- کۆمپانیا پیشەسازییەکان کاڵایەکی زۆر بەرهەم دەهێنن و دەیانەوێت بیگەیەننە دەستی کڕیارو وەبەرهێنەرەکان.
- کۆمپانیاکە هەمیشە هەوڵدەدات ئەم گەیاندنانە گەشە پێ بدات.
- رایەکان لەبارەی ئەو کاڵایانە پێکبهێنێت کە دامەزراوەکە بەرهەمی دەهێنێت

# زیادبوونی هێزو هەژموونی رای گشتی

- لە کۆمەڵگە دیموکرتییەکان گرنگی بە رای گشتی دەدرێت، بۆئەوەی حکومەتەکان لە فەرمانڕەوایی بەردەوام بن دەبێت هەوڵ بدەن بۆ وەدەستهێنانی سۆزی جەماوەری.
- پالپشتی جەماوەر بۆ حکومەت و متمانەکردن پێی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی حکومەت.
- PR لە حکومەت هەوڵدەدات بەشدار بێت لە دروستکردنی رایەکی گشتی دروستی هۆشیارلەرێگەی هەواڵی راستگۆوە، بەئامانجی ئەوەی جەماوەر فێری رێگەی دروستیان بکات بۆئەوەی ئەو خزمەتگوزارییەکانی دەزگا حکومییەکان بەدەست بهێنی.

# فراوانبوونی قەبارەی دامەزراوە پیشەسازی و بازرگانییەکان و زیادبوونی رکابەری

- ئێستا بوونی کۆمپانیای زەبەلاح، کە ئامێرو کەرەستەی گەورەی هەیە و هەزاران کرێکار لەسەری کار دەکەن و، کالای زۆر بەرهەم دەهێنن و لەگەڵ ملیۆنەها کەس لەسەرانسەری جیهاندا مامەڵە دەکەن، لەسیماکانی کۆمەڵگەی نوێیە.
- ئەم گۆڕانکارییە لە قەبارەی دامەزراوەکان وای لێکرد پێویستییەکی زۆری بەوە هەبێت پەیوەندی دروست وەدی بهێنێت بەم ژمارە گەورانە لە جەماوەرە جیاوازەکان.
- بەرنامە رێك بخات و پلان دابڕێژێت، لەروانگەی ئەوەوە لەبواری پەیوەندییە گشتییەکان لەسەری بڕوات.

# دەرکەوتنی سەندیکا و یەکێتییەکان

- کرێکارەکان خۆیان لە سەندیکاو یەکێتییەکان رێکخست کە قسەیان یەك بخات و بەرگری لە بەرژەوەندییەکانیان بکات.
- ئەم سەندیکایانەش لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا بووە وتەبێژی فەرمی بەناوی کرێکارەکانەوە، هێزو هەژموونێکی ئەوتۆی وەدەستهێنا وایکرد خاوەنکارەکان لە زۆردارییەکەی بترسن و بە دڵڕاگرتنی رازی بن.
- سەندیکاکان دوو رێگە دەگرنەبەر بۆئەوەی داخوازی کرێکارەکان وەدی بێنن: یەکەم: رێگەی فشارهێنان بۆ سەر خاوەنکارەکان لەرێگەی مانگرتنەوە.
- دووەم: رێگەی رازیکردن- واتە رازیکردنی رای گشتی ئەوکاتەی دادپەروەری بەرامبەر تاکەکانی بەدی دێت .
- کۆمپانیاکان بەهەمان فشار روبەڕووی فشاری سەندیکاکان دەبنەوە، ئەویش وەدەستهێنانی رای گشتییە، سەرکەوتن بۆ ئەو کەسەیە کە متمانەی رای گشتی وەدەست دەهێنێت، لێرەدا گرنگی و رۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان دەردەکەوێت.

# وەرچەرخانەی ئابوری لە پشتبەستن بە کشتوکاڵەوە بۆ پیشەسازی


- لەگەڵیدا وەرچەرخانێك لەخودی دانیشتوانیشەوە هاتە ئاراوەو، رێژەی دانیشتوانی گوند دابەزی ورێژەی دانیشتوانی شارەکان بەرز بووەوە.

- ئەم وەرچەرخانەش پێویستی بە هەوڵی گەورەی میدیایی دەکرد بۆ روبەڕوبوونەوەی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییە و کارکردن لەسەر سەقامگیری کۆمەڵگە و جێبەجێکردنی بەرژەوەندییەکانی.

# گەشەسەندنی ئامرازەکانی راگەیاندن

- **ئامرازەکانی راگەیاندن و بڵاوکردنەوە پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆوە بینی**
- **لەئەنجامی پێشکەوتنی گەورەی فیکری و هونەری و تەکنیکی، پێشکەوتنێکی تەکنیکی لەچاپدا هاتە ئاراوە، لە دەرهێنانی رۆژنامە و گۆڤارەکاندا.**
- ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکانی لە پەیوەندیکردن بە جەماوەری جیاوازەوە ئاسان کرد.
- بەکارهێنانی ئامرازی گونجاو لەگەڵ جەماوەری جۆراوجۆرداو لەکاتە گونجاوەکاندا.

# دەرکەوتنی ئامرازی میدیایی کە پیشتر نەناسرابوو



# PR وميدياى نوێ



# بەکارهێنانی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە بواری PR

وێب سایتەکان

سۆشیاڵ میدیا